# زنجیرەی پاشایانی گوتی و ناسناوەکانیان لەبەر ڕۆشنایی تێکستە مێخییەکان

**م.ی. جەزا شۆڕش حەمەشەریف**
بەشی شوێنەوار
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی
jaza.hamasharif@univsul.edu.iq

**م.ی. شاکر رضا ئەحمەد**
بەشی تەکنیکی میدیا،
پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
Shakir.ahmed@epu.edu.iq

**پوخته**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (زنجیرەی پاشایانی گوتی و ناسناوەکانیان لەبەر ڕۆشنایی تێکستە مێخییەکان)، لە مێژووی ناو و ناسناوی پاشا گوتییەکان دەکۆڵێتەوە لە سەرەتای دەرکەوتنیان لە ناوچەکانی زاگرۆس، کە بۆ ماوەیەک لە باکوری میسۆپۆتامیا هاوشێوەی نەتەوە کۆنەکانی تری زاگرۆس فەرمانڕەوایی بەشێکی باکوری میسۆپۆتامیایان کردووە، دواتر توانییان ئیمپراتۆریەتی ئەکەدییەکان بڕووخێنن و بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک فەرمانڕەوایی بەشی زۆری میسۆپۆتامیا (وڵاتی ئەکەد و سۆمەر، جگە لە شاری لەگەش) بکەن، لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ناوی (٢٥) پاشای گوتی لەگەڵ ناسناوەکانیان ئەگەر هەبووبێت کراوە، چونکە بەشێک لەم پاشایانە هەڵگری هیچ ناسناوێک نەبوون ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمە نازانین گوتییەکان بە زمانی خۆیان چ ناسناوێکیان بۆ پاشاکانیان بەکارهێناوە، هەروەها تائێستا هیچ لیستێک یان ئەرشیفێکی تایبەت بە پاشاکانی گوتی نییە یان نەدۆزراوەتەوە، کە لەلایەن گوتییەکانەوە نووسرابێت، ئەوەی لەبەردەستدایە لیستی پاشاکانی سۆمەرییە، کە ناوی پاشاکانی گوتی تیادا تۆمارکراوە، بەپێی سەرچاوە مێخییەکان پاشاکانی

گوتی تەنها هەڵگری ناسناوی پاشا (LUGAL) بوون یان هەر ناسناویان نەبووە، کە ئەمەش جێی پرسیارە، چونکە پاشاکانی گوتی لەڕووی هێز و دەسەڵات و فراوانیی ئەو ناوچەیەی فەرمانڕەواییان تیادا کردووە زۆر جیاوازبوون، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان هەبووە بەپێی ئەو تۆمار و نووسراوە مێخییانەی، کە تاوەکو ئێستا دۆزراونەتەوە و لەبەر دەستن، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە هەموو ئەو بۆچوونانە بخەینە ڕوو، کە لەسەر ناو و ناسناو و ساڵانی فەرمانڕەوایی پاشاکانی گوتی هەیە بەتایبەتیش لەو ماوەیەی، کە فەرمانڕەوایی بەشی زۆری میسۆپۆتامیایان کردووە، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە لیستی پاشایانی سۆمەری.

کلیلی وشەکان: (ناسناوی پاشاکان، پاشاکانی گوتی، نووسینی مێخی، میسۆپۆتامیا، سۆمەری).

## پێشەکی

گوتییەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی، کە لە ناوچەکانی کوردستانی کۆن ژیاون، شوێنی نیشتەجێبوونیان لەلای باکورەوە ناوچەکانی دەوروبەری زێی بچووک بوو، لەلای باشووریشەوە تا ناوچەکانی دیالەی ئێستا نیشتمانی ئەم نەتەوەیە بووە، جگە لەوەی، کە توانییان بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک فەرمانڕەوایی بەشی زۆری باشووری میسۆپۆتامیا بکەن و شوێن پەنجە و ناویان لە مێژووی ناوچەکەدا بە دیاری بهێڵنەوە، لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی، کە گوتییەکان گێڕاویانە لە ناوچەکەدا بەڵام لەڕووی مێژووییەوە گرنگیی زۆریان پێنەدراوە بەهۆی ئەوەی گوتییەکان تاکە نەتەوەی کوردستانی کۆن بوونە فەرمانڕەوایی وڵاتی ئەکەد و بەشی زۆری وڵاتی سۆمەرییان کردووە، ئەمە هۆکارێک بووە، کە سۆمەرییەکان وەک بێگانەیەک سەیری گوتییەکان بکەن و

هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە خۆیان ڕزگار بکەن لێیان، دوای ئەوەی بنەماڵەی ئووری سێیەم تەختی فەرمانڕەوایی وڵاتی سۆمەرییان گرتە دەست، هەوڵی ئەوەیاندا سەرجەم ئەو پاشماوانەی، کە گوتییەکان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو بسڕنەوە، تەنانەت لە زۆربەی ئەو کتێبانەی، کە لەلایەن بەشێکی مێژوونووسە عەرەب و بیانیەکانیشەوە نووسراون، سەردەمی گوتییەکان بەسەردەمی تاریکی (Dark age) ناوبراوە، لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکانی هاوشێوەی ئەم بابەتە خزمەت بەمێژووی کۆنی ناوچەکە دەکات، وردبوونەوە و چوونە ناخی بابەتەکانی تایبەت بەم لایەنەش بەشێکە لەمێژوو و کلتووری ناوچەکە و ئێمەی کوردیش بەشێکی دانەبڕاوی ئەم مێژووەین.

گوتییەکان وەک یەکێک لە نەتەوە کۆنەکانی زاگرۆس، کە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لەسەر شانۆی ڕامیاریی ناوچەکە، بەهۆی ئەوەی نووسینی تایبەت بە خۆیان نەبووە یان ڕاستتر بڵێین ئەو نووسینانەی، کە لە لایەن گوتییەکانەوە نووسراون یان بەجێماون بەشێکی زۆریان نەتوانراوە بخوێندرێنەوە و پەی بە شیکردنەوەیان نەبراوە لەلایەن زانایانی زمانە کۆنەکان، ئەو نووسینانەی، کە لەبەر دەستیشدان بەشی زۆریان ئەو نووسینانەن، کە لەلایەن سۆمەری و ئەکەدییەکانەوە نووسراون، هەر ئەمەش وایکردووە، کە مێژوویەکی ڕوون و وردمان لەسەر گوتییەکان نەبێت. جیاوازی هەیە لەسەر سەرەتای فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە باشوور هەروەها لە سەردەمی کام پاشا توانییان کۆتایی بە فەرمانڕەوایی ئەکەدییەکان بێنن، تەنانەت لەسەر ژمارەی پاشاکانیش چەند بۆچوونێک هەیە. دەربارەی ناسناوی پاشاکانیش بەگشتی دیار نییە گوتییەکان بەخۆیان چ ناسناوێکیان بۆ پاشاکانیان بەکارهێناوە تەنها کەمێک نەبێت، ئەویش بەپشتبەستن بەو نووسین و پاشماوە شوێنەواریانەی، کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە بە تایبەتی ئەو نووسینە مێخییانەی لەلایەن

خودی پاشاکانی گوتییەوە نووسراون، لەگەڵ ئەوەی ئەم نووسینانە کەمن بەڵام گرنگییەکی یەکجار زۆری مێژووییان هەیە، بۆیە ئاماژەمان بەو ناسناوانە کردووە، کە لە لایەن سۆمەرییەکانەوە بۆ گوتییەکان بەکارهاتووە.

شتێکی ئاساییە، کە دەبینین بەشی زۆری مێژووی ئەم نەتەوەیە پشتی بەستووە بەو نووسینە مێخییانەی، کە لەلایەن دوژمن و نەیارەکانیانەوە یان دۆست و هاوپەیمانەکانیانەوە تۆمارکراوە، کەمێکیش لەلایەن خودی خۆیانەوە تۆمار کراوە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاری مێژووییە و پشت بە ڕێبازی ڕووپێوی مێژوویی دەبەستێ بۆ بەدواداچوونی زنجیرەی پاشایانی گوتی و ناسناوەکانیان بەپێی ئەو ڕیزبەندیەی، کە لەلایەن زاناکانی بواری شوێنەوار و مێژووی کۆن کراوە لەگەڵ ناسناوەکانیان، کە ئەمە خودی گرفتەکەیە، چونکە ڕیزبەندی پاشاکانی گوتی و ناسناوەکانیان جیاوازە، هەر پاشایەکیش هەڵگری ناسناوێک بووە، کە ئاماژە بووە بۆ دەسەڵات و فراوانیی قەڵەمڕەوویەکەی، تەنانەت هەندێکیان هەڵگری هیچ نازناوێک نەبوون، هەر ئەمەش وای لە مێژوونووسی بەناوبانگ دیاکۆنۆف کردووە، کە پێی وابێت گوتییەکان سەرۆک خێڵیان هەبووە نەک پاشا، ئەمەش هاندەرێک بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و هۆکارێکیش بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بەپشتبەستن بە سەرچاوە مێخییەکان ناوی ڕەسەنی پاشاکان لەگەڵ ئەو ناسناوانەی دراوەتە پاڵیان دەخەینە بەر دید.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە مێژوو و جوگرافیا و ناوی گوتییەکان و ماوەی فەرمانڕەواییان دەکەین بەپێی فراوانبوون و بچووکبوونەوەی سنووری قەڵەمڕەوییان، تەوەرەی دووەم قووڵایی بابەتەکەیە، تیایدا ڕیزبەندی و ماوە و شێوازی فەرمانڕەوایی

پاشاکانی گوتی لە ناوچەکە دەخەینە ڕوو، ئەو ناسناوانەش دیاری دەکەین، کە شانازییان پێوە کردووە وەک لە لیستی پاشاکانی سۆمەری ئاماژەیان پێکراوە، هەرچی تەوەرەی سێیەمە ئەوا ئاماژە بە ناو و ناسناوی ئەو پاشایانە دەکەین، کە دوای ڕووخانی گوتییەکان لەلایەن ئوتوحیگالی پاشای شاری وەرکا، کە جارێکی تر گوتییەکان دەسەڵاتیان گرتۆتەوە دەست و لەسەر شانۆی ڕامیاریی ناوچەکە لە باکوری میسۆپۆتامیا دەرکەوتوون.

بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ناو و ناسناوی (٢٥) پاشای گوتی کراوە، کە لە سەرچاوە مێخییەکاندا ناویان هاتووە.

بێگومان هەموو توێژینەوەیەک پێویستی بە سەرچاوەیە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە چەندین سەرچاوەی گرنگ و تایبەت بە بابەتەکە بەستووە، بە تایبەتیش بە زمانی ئینگلیزی، لەوانە کتێبەکەی (Jacobsen) بە ناوی (The Sumerian King List)، هەروەها کتێبەکەی (Wilhelm)، بەناوی (The Hurrians)، بە هەمان شێوە توێژینەوەکەی (Hallo)، بە ناوی (Gutium)، کە لە ئینسکلۆپیدیای ئاشووری ناسی و شوێنەواری ڕۆژهەڵاتی نزیک (RIA 3) لە ساڵانی (١٩٥٧-١٩٧١) لە شارەکانی بەرلین و نیویۆرک لە چاپدراوە، لەپاڵ ئەمانەدا پشتمان بەچەند سەرچاوەیەکی زانیاری بە زمانی کوردی و عەرەبی بەستووە، وەک کتێبەکەی (کۆزاد محمد احمد) بە ناونیشانی (کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز) و کتێبەکەی (فاضل قەرەداغی) لەژێر ناوی (مێژووی دێرینی کوردستان) و کتێبەکەی (دیاکۆنۆف) بە ناونیشانی (میدیا) و هتد.... جگە لەمانە سوودمان لە چەندین تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر و گۆڤار بینیوە وەک سەرچاوە بەکارمانهێناون، لەوانەش، تێزی دکتۆراکەی (رافدە عبداللە قرداغی) بەناونیشانی (کردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر

المسمارية من الف الثالث ق.م حتى٦١٢ ق.م)، و تێزی دکتۆراکەی ( Kozad Mhamad Ahmad) بە ناونیشانی ( .The Beginnings of Ancient Kurdistan (c 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis)، هەروەها نامەی ماستەرەکەی (حلمی رسول رضا) لەژێر ناوی (المملكة الميتانية (١٥٥٠-١٣٦٥)ق.م دراسة تاريخية-سياسية)، هەروەها بابەتێکی گرنگی (رافده عبدالله قرداغی) لە گۆڤاری هەزار مێرد بە ناونیشانی (الگوتيون سكان كردستان القديمة)، شانبەشانی چەندین کتێب و گۆڤار و نامەی زانستیی تر .

بە دڵنیاییەوە ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی دەستی مرۆڤە، مرۆڤیش بەدەر نییە لە هەڵە و کەموکوری و ناتەواوی، بۆیە ئاساییە ئەگەر ئەم توێژینەوەیەش لایەنی کەموکوری و ناتەواوی هەبێت و پێویستی بە زیادکردن و ڕاستکردنەوەی زیاتر هەبێت، چونکە کەمال و تەواو و بێکەموکوری تەنها و تەنها بۆ خوای باڵا دەستە.

## تەوەرەی یەکەم : مێژوو و جوگرافیای گوتی و ماوەی حوکم

### یەکەم / ناوی گوتییەکان

ناوی گوتییەکان بۆ یەکەمجار لە تێکستێکی لوگال-ئاننی-موندو (LUGAL-ANNI-MUNDU) پاشای شاری ئاداب هاتووە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، تیایدا ئاماژەی بەناوی وڵاتی گوتییەکان کردووە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی، کە باجی لێ وەردەگرتن، ئەمەش بە کۆنترین ناوهێنانی وڵاتی گوتییەکان دادەنرێت (رضا، ٢٠٠٩، ١١)، لە تێکستەکانی سەردەمی سۆمەری و ئەکەدییەکانیشدا بەچەند ڕێنووسێکی جیاجیا ناوی گوتییەکان هاتووە (حەمید، ٢٠٢٢، ٣٢)، لە نووسینە مێخییەکانی سەردەمی ئەکەدیی کۆنیش، وشەی gu-ti-um وەک ڕێنووسێکی ستاندارد بەکارهاتووە، شانبەشانی ئەم ڕێنووسەش هەر لە سەردەمی ئەکەدییەکان ناوی گوتییەکان بەم شێوازانەش نووسراوە لەوانە:

gu-ti-ù, Ku-ti-im, gu-ti-bu-um (قرەداغی،٢٠٠٠، ١٥٧)، لە هەندێ دەقی تریشدا بەم شێوانە ناویان هاتووە gu-mu-ti-um, gu-NU-um, gu-tu-ú-um, ku-tu-um, ku-ti-i, ku-tu-ú, gu-tu-um, gu-tù-um (Hallo,1957-1971,p.709)، لەلایەکی تر سۆمەرییەکانیش بە gu-ti-um ، gu-tu-um ناویان بردوون (حمە خورشید، ٢٠١٧، ١٥٣)، لە دەقە مێخییەکانی سەردەمی بابلی کۆن بەم شێوانە ناویان هاتووە gu-ti-(e), qu(g/kum)- ti-i, qu(g/kum)-tu/du-u, qu-te-ú (hallo,1957-1971, 709) لە نووسینەکانی شمشارە بە Qu-ti-I, Qu-tu-um,Qu-tu-u ناویان هاتووە (حمید، ٣٢،٢٠٢٢)، لە دەقەکانی سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست و نوێدا بەشێوەی gu-ti-um ناویان هاتووە، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینیش بە خەڵکی ئورارتی وماننا و مادیان وتووە (گوتی) (دیاکۆنۆف، ٢٠٠٨، ١٥٢).

## دووەم / شوێنی جوگرافی گوتییەکان

دیاریکردنی شوێنی جوگرافی وڵاتی گوتییەکان کارێکی سەخت و تاڕادەیەکیش ئەستەمە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:-

یەکەم: سنووری فەرمانڕەواییەکەیان بەتەواوەتی نازانرێت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر، لە سەردەمێکدا فراوان و لە سەردەمێکی تردا بچووک بۆتەوە، ئەمەش بەربەست دەخاتە بەردەم دیاریکردنی شوێنی جوگرافییان بە تەواوی.

دووەم: گوتییەکان وەک زۆربەی چیانشینەکانی زاگرۆس خەسڵەتی شوانکارەییان هەبووە و کۆچی وەرزییان کردووە (Ahmad,2012, 69)، هەر لەبەر ئەمەیە شوێنی جوگرافییان لەگۆڕانکاریدا بووە.

بەپێی نووسینەکەی لوگال-ئاننی-موندو (LUGAL-ANNI-MUNDU)، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، ناوچە و جوگرافیای گوتییەکانی دەستنیشان کردووە، کە دەکەوێتە نێوان سۆبارتۆ لە باکور و ماراخشی و عیلام لە باشوور (القرەداغی، ٢٠٠٨، ٥١)، بەپێی دەقێک، کە بۆ سەردەمی سەرگۆنی ئەکەدی (٢٣٧١-٢٣١٦پ.ز) دەگەڕێتەوە، شوێنی گوتییەکانی بەم شێوەیە دیاری کردووە: لە باکوریەوە هەریەک لە لولوبوم، ئەرمانوم (حەلوان) لەسەر ڕووباری ئەڵوەند)، ئەکەد (ناوەندی دیالە) هەبووە، نیقوم (مەندەلی) و دیر (بەدرە)ش کەوتوونەتە باشووری وڵاتی گوتییەکان (Goetze,1953, 118)، بەوپێیە بێت وڵاتی گوتییەکان کەوتۆتە نێوان ڕووباری دیالە- سیروان لەلای باشوور و زێی بچووک لەلای باکور (جلال، ٢٠٠٨، ٤٦)، ئەگەر سەیری دەقە جوگرافییەکەی سارگۆن بکەین، دەبینین وڵاتی گوتییەکان لە ئەبول- ئەدەد بۆ خاللابا بووە ( ultu Abul-d[Adad] adi Ḫal-la-ba māt gu-ti-umki (Grayson,1974/1977,p.59)، شوێنی خاللابا نازانرێت، بەڵام باوەڕ وایە کە ئەبول- ئەدەد هەمان ئەبوللاتی

باکوری کفری بێت (القرەداغی، ٢٠٠٨، ٥١) یان پێدەچێت لە ناوچەیەک بێت لەنێوان بەرزاییەکانی حەمرین بۆ زێی خواروو (حەمید، ٢٠٢٢، ٣٣)، هەمان ئەبوللاتی سەر چیای کیماش، کە گودیا مسی لێ دەرهێنا (Edzard,1997, 34)، هەر لەو دەقەدا، ئاماژە بەوە دراوە، کە ئەبول- ئەدەد هێڵی سنووری ئەکەدییەکان بووە، واتە ئەکەدییەکان و گوتییەکان دراوسێ بوون (ultu Ḫi-iz-(za-at adi Abul-d[Adad] (10) mᾱt Ak-ka-di-iki (Grayson, 1974/1977,p.59).

لە سەردەمی نەرام-سین، گوتییەکان کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی دژی ئەم پادشایە، ناوچەی چالاکیشیان بەزۆری ناوچەکانی گەرمیان و خوارووی دیالە بووە، کە زۆر لە پایتەختی ئەکەدییەکانەوە نزیک بووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەکەدییەکان و گوتییەکان دراوسێ بوونە (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٨).

سەمسو-ئیلونای پاشای بابل (١٧٤٩-١٧١٢)پ.ز، لە نووسینێکدا سنووری گوتییەکانی بەم شێوەیە دیاریکردووە: لە باشوورەوە وڵاتی عیلام و لە باکوریشەوە ئیداماراز (Idamaraz) بووە، هاللۆ(hallo) بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی سەردەمی بابلی کۆن پێیوایە، کە ناوچەی گوتییەکان کەوتۆتە ئەملا و ئەولای زێی بچووک لەسەر هێڵی پانی (٣٥ ، ٣٦)، پێدەچێت سنووری قەڵەمڕەویەکەیان لە سەردەمانی دواتردا بچووک بووبێتەوە ئەمەش بە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتیان و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکە، هەر لەبەر ئەمەش لە سەرچاوەکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، ناوچەکەیان وەک سەرزەمینێکی بچووک لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە ئاماژەی پێکراوە (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٦٨).

## سێیەم / ماوەی فەرمانڕەوایی پاشاکانی گوتی و حوکمی ناوچەکە

بە وردبوونەوە لە نووسینەکانی سەردەمی ئەکەدییەکان، بۆمان دەردەکەوێت، کە گوتییەکان بەر لەوەی دەست بگرن بەسەر باشووری میسۆپۆتامیا، بە چەند شێوەیەک چوونەتە ناوچە نزمەکانی باشوور لەوانە:-

١- زەوی گوتییەکان هاوسنوور بووە لەگەڵ وڵاتی ئەکەد بە تایبەتی لە ناوچەی دیالە، لەوانەیە پەیوەندیی خزمایەتی لەنێوان خەڵکی هەردوولا هەبووبێت، بەم شێوەیە گوتییەکان چوونەتە ناو خاکی ئەکەدییەکان. لە دەقەکانی شاری ئاداب و ئومما ئاماژە بەوە کراوە، کە لەو شارانەی بەرواڵەت نزیک بوون لە وڵاتی گوتییەکان یان بەلایەنی کەم لەو ماوەیەی گوتییەکان فەرمانڕەوا بوون لە باشوور بە هۆی زۆریی ژمارەی گوتییەکان پێویستییان بە وەرگێڕی شارەزا هەبووە لە زمانی گوتی (Ahmad, 2012, 68,69).

٢- لە دەقە مێخییەکانی سەردەمی ئەکەدی، هەندێک ئاماژە هەیە، کە پێدەچێت گوتییەکان سەرباز بووبن لە سوپای ئەکەدییەکان، لە یەکێک لە ئەرشیفەکانی شاری ئاداب، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان، ئاماژە بەوە کراوە، کە گوتییەکان بەشە خۆراکیان وەرگرتووە و هەندێک لەمانە گەشتیار بوون (نێردراوی شاهانە)، هەندێکیان حەماڵ بوون و هەندێکیشیان پلەداری سەربازی ژەنەڕاڵ، کە هاوەڵی وەفدی شاهانەیان کردووە (Ahmad, 2012, 120,121).

٣- بازرگانی یەکێکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی، کە گوتییەکان بەکاریانهێناوە بۆ چوونە ناو وڵاتی ئەکەد، لەوانە بازرگانی کۆیلە، بە تایبەت کۆیلەی گوتی زۆر بەنرخ بووە لە دەقە مێخییەکان بە ((namrü/ namrü tu بە واتای کاڵ یان درەوشاوە ناویان هاتووە، جگە لەوە گوتییەکان هەندێ بەرهەمی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە بازرگانییان پێوە کردووە، وەک هەنجیر، یاقیق، خوری و عەرەبانە ... (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٦٩-٧٠).

گوتییەکان لە سەردەمی (شەرکەللی شەرری (٢١١٤-٢٠٩٠) پ.ز هێرشیان کردە سەر ئەکەدییەکان و توانییان دەوڵەتی ئەکەدی بڕووخێنن (Wilhelm,1945, 9)، هەرچەندە لە دوای شەرکەللی شەرری، هەریەک لە دودو و شودورول فەرمانڕەوایی ئەکەدییان کردووە، بەڵام ئەم دوو پاشایە دەسەڵاتێکی سنووردار و کەمیان هەبووە (Sallaberger et al, 2015, 113).

دواتر ئوتوحیگالی پاشای شاری وەرکا توانی کۆتایی بە فەرمانڕەوایی گوتییەکان بهێنێت لە باشووری میسۆپۆتامیا، گوتییەکانیش کشانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس (زاموا، ٢٠١٨، ١٤٦) .

سەبارەت بە ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە باشوور، بەپێی لەبەرگیراوە (کۆپی)یە جیاوازەکانی لیستی پاشایانی سۆمەری (Sumerian king list) جیاوازی هەیە لە ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان، بە گشتی ماوەکەی لەنێوان (٩١) بۆ (١٢٥) ساڵ خەمڵێنراوە (قەرەداغی، ٢٠٠٢، ٤٣)، یاکۆبسین (Jacobsen) ماوەی نێوان فەرمانڕەوایی شەرکەللی شەرری فەرمانڕەوایی ئەکەدییەکان تا هاتنی ئورنەمۆی پاشای بنەماڵەی ئووری سێیەم، بە نزیکەی ١٠٦ ساڵ خەملاندووە (Sallaberger) سولبیرگر پێیوایە ١٠٤ ساڵە، (M.B. Rowton) م. ب. ڕۆتۆن ئەو ماوەی بە ١٤٥ ساڵ داناوە (Hallo,1957-1971, 713)، بەپێی ئەو لیستانەش، کە لەبەردەستدان ژمارەی فەرمانڕەواکان و تێکڕای ماوەی فەرمانڕەواییان جیاوازی هەیە بۆ نموونە لە یەکێک لەو لیستانە ئاماژە بەوەکراوە، کە (٢١) پاشا بۆ ماوەی (١٢٤ یان ١٢٥) ساڵ و (٤٠) ڕۆژ فەرمانڕەواییان کردووە یان (٢٣) پاشا بۆ ماوەی (٩٩) ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە ( Hallo, 1957-1971, p.711)، لە یەکێک لەو لیستانەی، کە بەشێوەیەکی باش پارێزراوە ئاماژە بەوە کراوە، کە (٢١) پاشا بۆ ماوەی (٩١) ساڵ و (٤٠) ڕۆژ فەرمانڕەواییان کردووە (Jacobsen,1939, 121)، بەپێی ئەو لیستەی، کە لە شاری سووسەی پایتەختی

عیلامییەکان دۆزراوەتەوە، تەنها ناوی ژمارەیەکی کەمی فەرمانڕەواکانی گوتی تیادایە، کە تەنها (٢٥) ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ٨٣). هەر لەبەر ئەم جیاوازییە زۆرەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەمانەوێت سەردەمی پاشا گوتییەکان و ماوەی حوکمڕانییان دابەش بکەین بەسەر دوو قۆناغی جیاوازدا:-

یەکەم: سەردەمی ئەو پاشایانەی، کە فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری میسۆپۆتامیایان کردووە، وەک نوفەر و ئۆما و ئاداب، ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان فەرمانڕەوایی تەواوی ناوچەکانی باشووریان کردووە و دەسەڵاتیان هەبووە بەسەر ناوچەکەدا (Andersson, 2012, 44)، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، بەپێی لیستی پاشایانی سۆمەری (٢١) پاشا فەرمانڕەواییان کردووە، بەپێی لیستەکە ماوەی فەرمانڕەوایی پاشاکان زۆر کەمە، دیاکۆنۆف پێیوایە، کە گوتییەکان پاشایان نەبووە، بەڵکو وەک هۆزێک یان یەکێتی هۆزەکانی گوتی، سەرداری هۆز یان سەرکردەی لەشکریان هەبووە، هەروەها وای بۆ دەچێت، کە ئەم سەرداری هۆزانە لەلایەن هۆزەکانیانەوە هەڵبژێردراون و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو فەرمانڕەواییان کردووە، دوای تەواوبوونی ماوەی فەرمانڕەواییان کەسێکی تریان داناوە یان هەندێکجار بۆ دوو خول هەڵبژێراون (دیاکۆنۆف، ٢٠٠٨، ١٥٤-١٥٥)، ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین، کە ئەم لیستە لەلایەن سۆمەرییەکانەوە تۆمارکراوە، سۆمەرییەکانیش گوتییەکانیان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان زانیوە و وەک بێگانەیەک سەیری گوتییەکانیان کردووە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی نازناوی پاشا گوتییەکان بەتێرو تەسەلی لە لیستی سۆمەرییەکان تۆمار نەکرێت، بەڵگەشمان بۆ ئەمە دۆزینەوەی هەندێ نووسینی پاشا گوتییەکانە، کە لەلایەن خۆیانەوە تۆمارکراوە ئاماژە بە نازناوەکانیان کراوە، لە هەمان کاتدا لە نووسینی سۆمەرییەکان ئەم نازناوە تۆمار نەکراوە.

هەندێک نامە هەیە، کە مێژووی نووسینەکەیان بۆ سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە و تیایدا باس لە یەکگرتنی چەند پاشایەک دەکات، کە لە دژی نەرام-سین ڕاپەڕیون، لەوانە (Puttim-atal) پاشای سیموررووم ،(Ingi) پاشای نامار، (Riš-Adad) پاشای ئەپیشال، (Gula-AN) پاشای گوتییەکان، .... .(Ahmad,2012, 87)

دوای نەرام-سین، کوڕەکەی بەناوی شەرکەللی شەرری ٢١١٤-٢٠٩٠پ.ز، بوو بە فەرمانڕەوای ئەکەد، لە سەردەمی ئەودا گوتییەکان دەستیان بە جووڵە کرد بەرەو ئەکەد، لە تۆمارێکدا شەرکەللی شەرری باس لە بەدیلگرتنی پاشایەکی گوتی دەکات بە ناوی شارلاگ (šar-la-ag) یان ئە شارلاگ (Aš-šar-Ia- ag) .(Hallo,1957-1971, 709)

دووەم: ئەو پاشا گوتییانەی، کە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی دیاریکراوی باکوری میسۆپۆتامیایان کردووە، وردەکاریەکانی لە تەوەرەی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا باس دەکەین.

## تەوەرەی دووەم / ناوی پاشایانی گوتی بەپێی لیستی پاشایانی سۆمەری (Sumerian king list)

### یەکەم/ پاشای بێ ناو ، یان ئی – ڕیدو – پیز – ییر

دەکرێ لیستی پاشایانی سۆمەری (Sumerian king list) بکەینە دەستپێک بۆ ناوی پاشایانی گوتی، ئەمەش لەبەر وردی و باش ڕێکخستنی لیستەکە، کە تا ئێستا هیچ لیستێکی تری وردی لەم جۆرە لەبەر دەستدا نییە، هەروەها نزیکیی سەردەم و ناوچەکەیان لە یەکتری و بوونی پەیوەندی بازرگانی و ڕامیاری بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەنێوانیان.

یەکەم پاشای گوتی لە لیستی پاشایانی سۆمەری (SKL)، بە پاشای بێ ناو ئاماژەی پێکراوە (NN)، طه باقر پێیوایە (سارلاگاب)، کە بە (شارلگاب) ناوی هێناوە بێت، کە لەلایەن شەرکەللی شەرری بەدیل گیراوە (باقر،٢٠٠٩، ٤٠٨)، بەڵام یاکۆبسین (Jacobsen) پێیوایە کە ئی-ڕیدو-پیز-ییر ئەو پاشایەیە، کە لە سەرەتای لیستەکە ناوەکەی بە پاشای بێ ناو نووسراوە (Jacobsen, 1939, 117)، هەرچەندە بە دیاریکراوی نازانرێت کەی فەرمانڕەوایی کردووە؟ بەڵام وا گومان دەکرێت، کە یەکێک بێت لەو پاشایانەی گوتی کە هێرشی کردۆتە سەر ئەکەدییەکان و باشووری میسۆپۆتامیای داگیر کردووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئی-ڕیدو-پیز-ییر هەڵگری نازناوی پاشای چوار لایە، هەروەها لەکاتی لەشکرکێشییەکەی بۆ سیمۆروم ئەڵێت: (خواوەند عەشتار سەربازی لە ئەکەد دامەزراند)، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی وڵاتی ئەکەدی کردووە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ٨٥)، یەکێک لە درێژترین نووسینەکانی شاهانەی سەردەمی گوتییەکان، کە لەسەر تابلێتێکی گڵین تۆمارکراوە، ئەم تابلێتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن، لەبەرگیراوەی نووسینی سەر سێ پەیکەرەکەی ئی-ڕیدو-پیز-ییرە، ئەم تابلێتانە لە ئەنجامی کنە و پشکنینی

وەرزی چوارەمی زانکۆی پەنسلڤانیا لە (Temple Hill) لە شاری نوفەر دۆزراوەتەوە لە مۆزەخانەی پەنسلڤانیا پارێزراوە (زێباری و هموندی، ٢٠١٨، ٤)، تابلێتەکە شکاوە و لە ٢٠ پارچەی پێکەوە لکێنراو پێکهاتووە، پێوانەی تابلێتەکە (٢٠×١٣،٦)سم و لە (١٢) ستوون و (٥٠٠) دێڕ نووسین پێکهاتووە، ئەوەی، کە لەسەر هەردوو دیوی تابلێتەکەیە بەشی نۆژەنکراوەی ئەم تابلێتە تەنها یەک لەسەر دەی دەقە ڕەسەنەکە پێکدەهێنێت (Hilprecht, 1913, 20)، لەبەرگیراوەی نووسینەکانی سەر پەیکەری یەکەم و دووەم و سێیەم چەند جارێک باسی نازناوەکانی ئی-ڕیدو-پیز-ییر کراوە بەو شێوەیەی، کە لە خشتەکەی خوارەوەدا هاتووە :-

ناو و نازناوەکانی پاشای گوتی (ئی-ڕیدو-پیز-ییر) بەپێی لەبەرگیراوەی نووسینی سەر هەر سێ پەیکەرەکەی :-

| ژمارەی پەیکەر | ژمارەی ستوون و دێڕەکان | نووسینەکە | وەرگێڕانەکەی |
|---|---|---|---|
| لەبەرگیراوەی نووسینی پەیکەری یەکەم | ستوونی یەکەم (Col. i) لە (٢٥) دێڕ پێکهاتووە، دێڕەکانی (١٢-١٨) باسی ناو و نازناوەکانی پاشا دەکات. | 12)E-er-ri-du-pi-zi-ir<br>13) da-núm<br>14) LUGAL<br>15) Gu-ti-im148<br>16) ù<br>17) ki-ib-ra-tim<br>18) ar-ba- □im□ | ئی-ڕیدو- پیز-ییری- بەهێز- پاشای - گوتییەکان- و - چوارلا) هەرچوارلاکانی جیهان |
| | لە دوای دێڕی (٢٥) بۆشاییەک هەیە، کە شوێنی (٢) دێڕە، دوای ئەوە (١٨) دێڕ نووسین هەیە. دێڕەکانی (١-٧) باسی ناو و نازناوەکانی پاشا دەکات. | 1´)[E-er-ri-du]-Pi-zi-i[r] 2´)da-núm<br>3´) LUGAL<br>4´) Gu-ti-im<br>5´) ù<br>6´) ki-ib-ra-tim<br>7´) ar-ba-im | ئی-ڕیدو- پیز-ییری- بەهێز- پاشای - گوتییەکان- و - چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | دێڕی (١٨) کۆتا دێڕی دوای کەلێنەکەیە تەنها ناوی پاشا نووسراوە | 18´) E□-er-ri-du-[Pi]-zi-ir | ئی-ڕیدو- پیز-ییری- بەهێز- پاشای - گوتییەکان- و - چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ستوونی دووەم (Col. ii) دێڕەکانی (١ -٦) تەواوکەری دێڕی (١٨) ستوونی یەکەمە | 1) da-[núm]<br>2) ⸢LUGAL⸣<br>3) Gu-ti-im<br>4) ù<br>5) ki-ib-ra-tim<br>6) ar-ba-im | |
| | دێڕەکانی (١٤-٢٠) بەهەمان شێوە باسی ناو و نازناوەکانی ئی-ڕیدو-پیز-ییر دەکات | 14) E-er-ri-du-Pi-zi-ir<br>15) da-núm<br>16) LUGAL<br>17) Gu-ti-⸢im⸣<br>18) [ù]<br>19) [ki]-⸢ib-ra⸣-tim | ئی-ڕیدو-پیز-ییری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | ستوونی سێیەم (Col. iii) ژێرنووسی یەکەم (Caption.1) دێڕەکانی (٩-١٥) تایبەت کراوە بە ناو و نازناوەکانی ئی-ڕیدو-پیز-ییر. | 9) E-er-ri-du-Pi-zi-ir<br>10) da-núm<br>11) LUGAL<br>12) G[u]-ti-im<br>13) ù<br>14) ⸢ki⸣-ib-ra-tim<br>15) [a]r-⸢ba⸣-i[m] | ئی-ڕیدو-پیز-ییری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەبەرگیراوەی نووسینی سەر پەیکەری دووەم لە لایەن فرەین داڕێژراوەتەوە بە ستوونی سێیەم (Col. iii) دەست پێدەکات | ستوونی سێیەم (Col. iii) لە دێڕەکانی (١-٧) باسی ناو و نازناوەکانی پاشا دەکات | 1´)⸢E⸣-[er-ri-du]-Pi-[zi-ir]<br>2´) da-[núm]<br>3´) ⸢LUGAL⸣<br>4´) Gu-ti-im<br>5´) ù<br>6´) ki-ib-ra-tim<br>7´) ar-ba-im | ئی-ڕیدو-پیز-یری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | ستوونی چوارەم ( Col. iv) دێڕەکانی (٢-٨) باسی ناو و نازناوەکانی ئین-ڕیدو-پیز-ییر باوکی ئی-ڕیدو-پیز-ییر دەکات. | 2) [a]-bi<br>3) [E]n-ri-da-Pi-zi-ir<br>4) da-nim<br>5) LUGAL<br>6) Gu-ti-im<br>7) ù<br>8)ki-ib-ra-tim | باوکم-(ئین-ڕیدا-پیز-ییر -- بەهێز-پاشای -گوتییەکان-و -چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | سەرەتای ستوونی هەشتەم بۆشایی شوێنی (٢٢) دێڕ نووسین هەیە چەند دێڕێکی لەلایەن گێڵب و کیناست (Gelb-Kienast) نۆژەن کراوەتەوە. | 17) [E-er-ri-du-Pi-zi-ir]<br>18) [da-núm]<br>19) [LUGAL]<br>20) [Gu-ti-im]<br>21) [ù]<br>22) [ki-ib-ra-tim] | ئی-ڕیدو-پیز-یری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەیکەری سێیەم | ستوونی هەشتەم (Col. viii) دێڕەکانی (١-٦) بە باسی ناو و نازناوەکانی ئین-ڕیدو-پیز-ییر باوکی ئی-ڕیدو-پیز-ییر دەست پێدەکات. | 1) [E-er-ri-du-Pi-zi-ir] 2) [da-núm] 3) [LUGAL[ 4) [Gu-ti-im] 5) [ù] 6) [ki-ib-ra-tim] | ئی-ڕیدو-پیز-ییری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | ستوونی نۆیەم (Col. ix) لە دوای بۆشاییەکەی دێڕی چوارەم (١٩) دێڕ نووسین هەیە، دێڕەکانی (١٣-١٩) باسی ناو و نازناوەکانی ئی-ڕیدو-پیز-ییر دەکات. | 13´) E-er-[r]i-du- 14´) [Pi-zi]-ir [da-n]úm 15´) [LUGAL] 16´) [Gu-ti-im] 17´) [ù] 18´) [ki-ib-ra-tim] 19´) [ar-ba-im] | ئی-ڕیدو-پیز-ییری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | ستوونی دەیەم (Col. ix) لە دوای بۆشاییەکەی دێڕی نۆیەم (١٥) دێڕ نووسین هەیە، دێڕەکانی (٤-٥) بریتییە لە باسی ناو و یەکێک لە نازناوەکانی. | 4´) ⌈E-er-ri⌉-du-[Pi-z]i-ir 5´) d[a]-ním | ئی-ڕیدو-پیز-ییری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و-چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان |
| | ستوونی (Col. xi) ژێرنووسی یەکەم (Caption.1) دێڕەکانی | 14´) E-er-ri-du-Pi-zi-ir 15´) da-núm | ئی-ڕیدو-پیز-ییری-بەهێز-پاشای-گوتییەکان-و- |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چوارلا) هەر چوار لاکانی جیهان | 16´) LUGAL Gu-ti-im 17´) 18´) ù 19´) ki-ib-ra-tim 20´) ar-ba-im | (٤-٢٠) تایبەت کراوە بە ناو و نازناوەکانی ئی-ڕیدو-پیز-ییر . | |

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر نووسینی سەر ئەم پەیکەرانە بڕوانە :

(Frayne,1993, 221 – 224 ؛ Ahmad, 2012, 139 -141, 143, 145 -148, 150).

وەک لە لەبەرگیراوەی نووسینی سەر سێ پەیکەرەکەی دەردەکەوێت، ئی-ڕیدو-پیز-ییر و باوکی هەڵگری هەمان نازناوەکانی پاشاکانی ئەکەد بوون، وەک لە لەبەرگیراوەی نووسینی سەر سێ پەیکەرەکە دەردەکەوێت.

لەبەرگیراوەی نووسینی سەر پەیکەری یەکەم باسی سەرکەوتنی ئی-ڕیدو-پیز-ییری پاشای گوتییەکان دەکات بەسەر ئەو ڕاپەڕینانەی، کە هەرێمەکانی باکوری وڵاتەکەی گرتییەوە بە تایبەت هەرێمی مادگا (النجار، ٢٠١١، ٣٠)، ئەگەر بەوردی یان بەپێی گریمانەکان شوێنی مادگا دیاری بکەین، کە لە نووسینەکەدا بە دەشتاییەکی نزیک شاخ ئاماژەی بۆ کراوە، کە ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی فرەین یەک دەگرێتەوە، کە مادگا شوێنێکە لە ناوچەی کفری (Ahmad, 2012, 151) یان شوێنێکی نزیک گوندی ماتیکای (٢.٥)کم ڕۆژئاوای داقوق بێت، دەتوانین بگەینە ئەو بۆچوونەی (د. کۆزاد محمد احمد)، کە پێیوایە ئەو پەیکەرەی لەسەر زنجیرە چیای قەرەداغ دروستکراوە، کە بە پەیکەری دەربەندی گاور ناسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئی-ڕیدو-پیز-ییر نەک نەرام-سین، بە بۆچوونی ناوبراو کڵاو و ڕیش و جلوبەرگ و چەکەکەی پاشا زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەوەی نەرام-سین، جگە لەوەش شێوازی دروستکردنی دیلەکان لەگەڵ نووسینەکەی ئی-ڕیدو-پیز-ییر یەکدەگرێتەوە، کە ئاماژە بەوە ناکات پاشا پێی لەسەر پاشای دۆڕاو دانابێت (Ahmad, 2012, 156)، (سەیری

وێنەی ژمارە ١ بکە)، ئەوەی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە لەشکرکێشیەکەی ئی-ڕیدو-پیز-ییرە، کە لە باشوور یان باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکات بۆ ناوچەکانی باکوری خۆرئاوا بەرەو ناوچەکانی هەولێری ئێستا، لە نووسینەکەدا باسی چیای نیشپا دەکات، کە لە نزیک دەربەندیخانی ئێستا بووە، بێگومان ئەویش چیای زمناکۆ یان شاهۆی بووە، هەروەها باسی چیاکانی خامێمی-.....پیر و نوخپیر (Ḫameme-x-pir and NuḪpir) کە ناوی دوو چیایە لە زنجیرە چیای قەرەداغ و سەگرمە لە ڕێگەی دەربەندی گاورەوە توانیویەتی بچێتە دەشتی شارەزوور و لەوێشەوە هێرشی کردۆتە سەر مومومی لە نزیك هەولێر (Ahmad, 2012, 157) ، (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١).

**دووەم/ پاشا ناسراوەکانی دوای پاشای بێ ناو**

پاشاکانی دوای (پاشای بێ ناو) ئی – ڕیدو – پیز – ییری، ڕوونتر و وردتر ئاماژە بە ناو و نازناو و ماوەی فەرمانڕەواییان کراوە، هەروەک لە خوارەوە دەیخەینە بەر دید:-

١- (Im-ba-a ( Imtâ ئیمتا / ئیمبا بۆ ماوەی (٣) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٢- (Inkišuš) ئینکیشوش بۆماوەی (٧/٦) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٣- (S/Zarlagab) سارلاگاب یان زارلاگاب بۆ ماوەی (٦) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٤- (Iarlagaš) Šulmê شولمێ (یارلاگاش) (٦) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٥- Eilulumeš (Silulumeš) ئیلولومێش یان سیلولومێش (٧/٦) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٦- Inimabakeš ئینیماباکیش (٥) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٧- Igeš'a'uš ئیگیشائوش (٦) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٨- Iarlagab یارلاگاب (١٥) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٩- Ibate ئیباتی (٣) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٠- Iarlangab یارلانگاب (٣) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١١- Ku-ru-um کورووم (١) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٢- ⸢a-bil-ki(?)-in /Apil-kîn خابیل کین/ ئاپیل-کین (٣) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٣- La-erabum لائیرابوم (٢) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، ئەم پاشایە نووسینێکی لەسەر سەرە و سەوڵجانێکی مەڕمەڕی بەجیهێشتووە و لە سیپار دۆزراوەتەوە، تیرەی ئەم سەوڵجانە (١٩،٧) سم و بەرزییەکەی (١٦،٨)سم، لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ٩١)، دێڕەکانی سەرەتای نووسینی سەر سەوڵجانەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (لائیراب-بەهێز -پاشا (LUGAL)-گووتیووم) (Frayne, 1993, 221)، لەم نووسینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم پاشایە هەڵگری نازناوی پاشای (LUGAL)ی گوتییەکانە.

1) la-⊠à⊠-r[a-a]b 2) ⊠da⊠-[núm] 3) [LU]GAL 4) [gu-ti-im

١٤- Irarum ئیراروم (٢) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٥- Ibranum ئیبرانوم (١) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٦- Ḫablum خابلوم (٢) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٧- Puzur-Sîn پوزور-سین (٧) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

١٨- Iarlaganda یارلاگاندا (٧) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، فرەین پێیوایە ئەو یارلاگان (Iarlagan)ی لە دەقە مێخییەکەی نەماخانی ( Namaḫ(a)ni) ئینسی (ensi) شاری ئومما هاتووە، کە باس لەوە دەکات کاتێک نەمخانی پەرستگای خواوەند نینئورای دایکی شاری ئومما نۆژەنکردۆتەوە لەوکاتەدا یارلاگان پاشا (LUGAL)ی گوتییەکان بووە (Frayne,1993, p.267).

1) dnin-ur$_4$-ra

2) ama-umma.$^{KI}$-ra

3) nam-maḫ-ni

4) énsi

5) umma.$^{KI}$-ke$_4$

6) é-ù-la-ni

7) mú-na-dù

8) ki-bé mu-na-gi4

9)u$_4$-ba-ià-ar-la-ga-an lugal-gu-ti-um-kam

لەساڵی ٢٠٠٢ز. نووسینێکی دیکەی ئەم پاشایە لەلایەن هالۆ بڵاوکرایەوە، کە لەسەر قاپێکی بەردین تۆماری کردووە، قاپەکە دوو نەخشی لەسەرە، یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ شودورول کۆتا پاشای ئەکەدییەکان، دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ئارلاگان پاشای گوتی، کە پێدەچێت هەمان یارلاگاندای لیستی پاشایانی سۆمەری بێت، نووسراوەکە نازناوی پاشای تیادا تۆمارکراوە بەم شێوەیە: (ئارلاگان-بەهێز-پاشا (LUGAL )- گوتییەکان).

1) Ar-la-ga-an

2) da-núm

3) LUGAL Gu-ti-um$^{ki}$ (Ahmad, 2012, p.134).

بەپشتبەستن بەو دوو نووسراوەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە یارلاگاندیش نازناوی پاشا (LUGAL)ی هەبووە.

١٩- Si'um سیئو(م) (٧) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، ناوی لە نووسینێکی لوگال-ئەن-نا-توما(lugal-an-na-tuma) میری شاری ئوممما هاتووە، کە لەسەر تابلێتێکی لە مەڕمەڕ دروستکراو تۆماری کردووە بەبۆنەی دروستکردنی (E-gidru)، لە کۆتایی تۆمارەکە نووسیویەتی: "لەو کاتەی سیئو(م) پاشای گوتی بوو ئەم کارەی کردووە" (Frayne, 1993, p.268 ).

1) lugal-an-na-túma

2) énsi

3) umma.$^{KI}$-ke4

4) umma.$^{KI}$

5) ba-ba-a
6) 35 mu
7) zal-la-ba
8) é-gidru umma.[KI]
9) i-dú
10) temen-bi
11) ki-a ì-si-si
12) me-bi šà-ba
13) si ba-ni-sà
14) u4-ba si-ú-um
15) lugal-gu-ti-urn-kam

٢٠- Tirigan تریگان (٤٠) ڕۆژ فەرمانڕەوایی کردووە، هەرچەندە ئەم پاشایە ماوەی فەرمانڕەواییەکەی زۆر نەبووە لە سەردەمی ئەودا کۆتایی بە فەرمانڕەوایی گوتییەکان هات لە باشووری میسۆپۆتامیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری نازناوی پاشا (LUGAL)ی گوتییەکان بووە وەک لەم نووسینەدا هاتووە: "تریگان پاشا (LUGAL)ی گوتییەکان..." (Frayne, 1993, 286).

35) Ti-rí-[ga-a-an]
36)□lugal□- Gu-ti-um<ki>-ke4 .......

## تەوەرەی سێیەم/ دووبارە گەڕانەوە بۆ دەسەڵات لە باکوری میسۆپۆتامیا

### یەکەم/ پاشا ئیندوششی (Indušše)

دوای ڕووخانی بنەماڵەی سێیەمی ئوور لە دەوروبەری (٢٠٠٤) پ.ز، چەندین میرنشین و شانشین، کە پێشتر لەژێر فەرمانڕەوایی سۆمەرییەکان بوون سەربەخۆییان بەدەست هێنایەوە و جێگەی ئەم دەوڵەتەیان گرتەوە (قرەداغی، ٢٠٠٠، ١٥٩ - ١٦٠)، لە ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامیا جارێکی تر گوتییەکان بەهێز بوونەوە لەژێر فەرمانڕەوایی پاشایەک بەناوی ئیندوششێ (Indušše)، نەک

هەر ئەوەندە، بەڵکو بوونە مەترسی بۆ شانشینی ئیتابالخوم (Itabalḫum) ، کە شانشینێکی خوری بوو، پایتەختەکەی شاری کونشوم (Kunšum,) بوو، هەرچەندە بە تەواوی سنووری قەڵەمڕەوی ئەم شانشینە نازانین، بەڵام پێدەچێت ناوەندی فەرمانڕەواییەکەی لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ چەقی بەستبێت، چەندین شار و ناوچەی لەژێر دەستدا بووە، لەوانە: وڵاتی ئوتوم لە دەشتی ڕانیە و بتوێن، کە لە لایەن (کو-واری) فەرمانڕەوای شوشەڕڕا بەڕێوە دەبرا. ئیندوششێ (Indušše) زۆر هەوڵیدا ئەم شانشینە داگیر بکات، هەر لەبەر ئەوە گەمارۆی ئیتابالخومی دا بۆ ماوەی سێ ساڵ، دانەوێڵە و کشتوکاڵی ناوچەکەی دەسووتاند، بەم شێوەیە پایتەختەکەی برسی کردن بۆ ئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن (احمد، ٢٠١٢، ٦-٧)، هەرچەندە پیشێندێنی پاشای ئیتابالخوم هەوڵیدا هاوپەیمانییەک دژی گوتییەکان پێکبهێنێت بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆیە، بەڵام ئیندوششێ (Indušše) توانی بەسەریاندا سەربکەوێت و ئیتابالخوم داگیر بکات لە سەدەی هەژدەیەمی پێش زایین.

لە نامەکانی شەمشی-ئەدەد (١٨١٣-١٧٨١ پ.ز)ی پاشای ئاشوورییەکان بۆ کوواری فەرمانڕەوایی شوشەڕڕا دەردەکەوێت، کە ئیندوششێ (Indušše) هەڵگری نازناوی (lu qu-tu) بووە، کە بە واتای کابرای گوتی یان فەرمانڕەوای گوتییەکان دێت (بێتواتەیی، ٢٠٠٩، ل.٤٢)، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم نامەیە بڕوانە ژمارە (١١=ش.٩٢٠) (Eidem, 2001, 82).

### دووەم/ پاشا زازوم (Zazum)

لە دوای ئیندوششێ (Indušše)، زازوم (Zazum)ی کوڕی جێگەی گرتەوە (Ahmad, 2012, 472)، لە نامەیەکی خاقبا خەممۆ بۆ زمری-لیم ی پاشای ماری، باسی هێرشی گوتییەکان دەکات بۆ سەر تورووککیەکان بەسەرکردایەتی زازوم (Zazum)، لەم نامەیەدا لە دێڕی سیانزەیەم زازوم (Zazum) بە پاشای گوتییەکان ناوی هاتووە (احمد، ٢٠١٢، ١٦، ١٧).

(13) $^{m}$Za-zu-um LUGAL Qú-ti-im qa-du-u[m ṣa-bi-šu iṭ-ḫu-ma]

جگە لەمانە، لە یەکێک لە نامەکانی سەردەمی بابلی کۆن، کە لە سیپاریان کیش دۆزراوەتەوە باسی فەرمانڕەوایەکی گوتییەکان هاتووە لەژێر ناوی بیگان *Bi-ga-an* (šÀ.ERIN *gu-tu-ú*$^{k.i}$) Hallo, 1957-1971, 716).

لە ساڵەکانی سەرەتای فەرمانڕەوایی حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠ پ.ز) بەهیچ جۆرێک ناوی گوتییەکان نەهاتووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە لەم ساڵانەدا وڵاتی گوتییەکان لە دەرەوەی قەڵەمڕەویی حامورابی بووە، بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی (٣٠ تا ٣٢)ی فەرمانڕەواییەکەی هاوپەیمانێتییەکی بەهێزی تێکشکاندووە، کە لە گوتییەکان و سوبارییەکان و ئەشنۆنا پێکهاتبوو، بەڵام باسی ناوی سەرکردە و فەرمانڕەواکانی نەکردووە (القرەداغی، ٢٠٠٨، ٥٧).

لە نووسینی پاشاکانی سەردەمی ئاشووری نوێ (٩١١-٦١٢ پ.ز)، گوتییەکان بە دوژمن ناویان هاتووە، لەوانە لە نووسینەکانی ئاشوور ناسرپاڵی دووەم، ئەسارحەددون، سارگۆنی دووەم و ئاشوور بانیپاڵ، هەروەها لە نووسینەکانی سەردەمی بابلی نوێ بەتایبەتی نووسینەکانی نەبو نائید ناویان هاتووە (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٧١).

باسی پاشایەکی گوتی کراوە، کە فەرمانڕەوای شاری ئاراپخا بووە بە ناوی گوبیراس (Gobyras)، کە لەسەرەتا پیاوی نابونائیدی پاشای بابل بووە، بەڵام دواتر هاوکاری مادیی کۆرشی ئەخمینی کرد بۆ داگیرکردنی شاری بابل و ڕووخاندنی دەوڵەتی بابلی نوێ (Hallo,1957-1971, 717)، ئەم فەرمانڕەوایە تەنها ناوی هاتووە باسی نازناوەکەی نەکراوە، بە پشتبەستن بەوەی فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی دیاریکراو بووە پێدەچێت هەڵگری نازناوی (ensi) بێت.

لە پاش ئەم سەردەمە ناوی گوتییەکان تەنها وەک ناوێکی جوگرافی یان وەک ناوێکی فەلەکی وەک ئەستێرەی ڕێنیشنادەر مایەوە، بەهیچ شێوەیەک وەک کیانێکی ڕامیاری ناویان نەما (Hallo, 1957-1971, 719).

**ئەنجام**

دوای پشتبەستن بە سەرچاوەکان و وردبوونەوە لە ناو و نازناوی پاشاکانی گوتی لە باشوور و باکوری میسۆپۆتامیا، لە توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١- مێژووی گوتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین و دواتریش تا هەزارەی یەکەمی پێش زایین بە ناوچەکانی میدیا گوتراوە گوتی.

٢- دەربارەی شوێنی جوگرافییان بە تەواوی دیار نییە، چونکە بەردەوام ناوچەکەیان لە فراوانبوون و بچووکبوونەوەدا بووە، بەڵام زۆربەی کاتەکان لە باکورەوە ناوچەکانی زێی بچووک و دەوروبەی و لە باشووریشەوە ناوچەکانی دیالە و چیای حەمرینی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونیان بووە.

٣- لە زۆربەی سەرچاوەکان سەردەمی گوتییەکان وەک سەردەمێکی تاریک ناودەبرێت، بەهۆی کەمیی نووسین، کە لەلایەن گوتییەکانەوە نووسرابێت، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: بەڵگە و نووسین و پاشماوەکانی تایبەت بەم نەتەوەیە لەلایەن نەیارەکانیانەوە لەناوبراوە بەتایبەتیش سۆمەرییەکان، بەهۆی ئەو ململانێ زۆرەی لەگەڵ گوتییەکان هەیانبووە، دووەم: تاوەکو ئێستا پاشماوەکانی خۆیان نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش توێژەرانی ئەم بوارە ناچار دەکات پشت بەو بەڵگە و نووسینانە ببەستێت، کە لە لایەن نەیارەکانیانەوە تۆمارکراوە.

٤- پاشاکانی گوتی بەزۆری هەڵگری ناسناوی پاشا (LUGAL) بوون، هەندێکیشیان ئاماژە بە ناسناوەکەیان نەکراوە.

٥- یەکەم پاشای گوتی لە لیستی پاشا سۆمەرییەکان بە پاشای بێ ناو ئاماژەی بۆکراوە، ئی-ڕیدو-پیز-یرە هەمان پاشایە، کە نازناوی پاشای گوتی و چوارلای هەبووە، هەر ئەویش توانیویەتی سنووری دەسەڵاتی گوتییەکان

بگەیەنێتە ناوچەکانی باشووری میسۆپۆتامیا یان یەکێک بووە لەو پاشایانەی، کە هێرشی بردۆتە سەر وڵاتی ئەکەد.

٦- پەیکەری سەر چیای قەرەداغ، کە بە پەیکەری دەربەندی گاور ناسراوە چەند بۆچوونێک هەیە لەسەری، یەکێک لە گرنگترین ئەو بۆچوونانە ئەوەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئی-ڕیدو-پیزیی پاشای گوتی کاتێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بەسەر ئەو ڕاپەڕینانەی، کە لە ناوچەکەدا لە دژی فەرمانڕەوایی گوتییەکان هەڵگیرسابوون، پاش ئەوەی توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە شەڕەکەدا لە کاتی گەڕانەوەیدا ئەو پەیکەرەی لەو شوێنەدا دروستکردووە.

٧- دوای نەمانی گوتییەکان لەباشووری میسۆپۆتامیا، لە باکور درێژەیان بە فەرمانڕەوایی خۆیانداوە، بەڵام بە دەسەڵات و هەژموونی کەمتر و ناسناوی جیاوازتر.

## لیستی سەرچاوەکان

أ- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١. ئەحمەد، کۆزاد محمد (٢٠٠٧)، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، بنکەی ژین، سلێمانی.
٢. ئەحمەد کۆزاد (٢٠٠٩)، بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا گۆڤاری ژین، ژمارە (١) ساڵی یەکەم ، بنکەی ژین ، سلێمانی.
٣. احمد، کۆزاد (٢٠١٢)، شانشینی توروککو لە سەردەمی زازییادا، گۆڤاری ژین، ژمارە (٤) ساڵی چوارەم ، بنکەی ژین ، سلێمانی.
٤. جلال، کامران کوێخا (٢٠٠٨)، مێژووی کۆنی کەرکوک لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی.
٥. حسن، ئەردەڵان عوسمان (٢٠٠٧)، بێتواتە لە سەرچاوە مێخییەکاندا ، گۆڤاری سوبارتو ، ژمارە ١، سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان ، هەولێر.
٦. حەمید، ڕێبوار سەرتیپ (٢٠٢٢)، مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم تا ناوەڕاستی هەزارەی یەکەم پ. ز، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٧. دیاکۆنۆف، ئی. م. (٢٠٠٨)، میدیا، و. بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٨. زاموا، دڵشاد عزیز (٢٠١٨)، کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا (چاخی بەردینی کۆن تا کۆتایی سەردەمی ساسانی )، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٥)، زانکۆی گەرمیان.
٩. زێباری و هموندی (٢٠١٨)، عزیز محمدامین عزیز و ئارام جلال حسن، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شاری هەولێر لە ماوەی (٢٣٣٤-ی١٥٩٥پ. ز) لە ڕوانگەی تێکستە مێخییەکانەوە، پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر-اربیل.
١٠.قەرەداغی، فاضل (٢٠٠٤)، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، سلێمانی.
١١.قەرەداغی، فاضل (٢٠٠٢)، پادشا گوتییەکان و نووسراوەکانیان، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (٢١)، ساڵی شەشەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

ب-سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١٢.حمه خورشيد، فؤاد (٢٠١٧)، الشعب الگوتي، مجلة ژين، عدد (٩)، مركز ژين ، سليماني.
١٣.رضا، حلمي رسول ( ٢٠٠٩)، المملكة الميتانية (١٥٥٠-١٣٦٥) ق.م دراسة (تاريخية-سياسية)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة كويه.
١٤.القرداغي، رافيدة عبدالله عبدالصمد (٢٠٠٨)، كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الف الثالث ق.م حتى٦١٢ ق.م، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية.
١٥.قرداغي، رافيدة عبدالله (٢٠٠٠)، الگوتيون سكان كردستان القديمة، مجلة هەزارمێرد، العدد (١٣)، ساڵی سێیەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
١٦.النجار، عبير عدنان يوسف (٢٠١١) ارابخا (كركوك حاليا) دراسة سياسية - حضارية (٣٥٠٠-٥٣٩) ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاداب، جامعة الموصل.

ت-سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

17. Ahmad, Kozad Mohamad (2012), The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, Proefschrift ter VERKRIJGING van de Graad van Doctor aan de Universiteit Leiden, Op Gezag Van Rector Magnificus, Leiden.
18. Andersson, Jakob (2012), Kingship in the Early Mesopotamian Onomasticon 2800–2200 BCE, Uppsala University Library.
19. Edzard, D. O. ( 1997), Gudea and his Dynasty, RIME 3/1, Toronto.
20. Eidem, E. and J.Læssøe (2001),The Shemshara Archives 1, The Letters, Copenhagen.
21. Frayne,D. (1993), Sargonic and Gutian Periods (2334 - 2113 BC), London, University of Toronto Press.
22. Gelb, I. J. ( 1944), Hurrians and Subarians (HS), Chicago.
23. Goetze, A. (1953), Ḫulibar of Duddul," JNES 12

24. Grayson, A. K. (1974-77), The Empire of Sargon of Akkad, AfO 25.
25. Hallo, W.W. ( 1957-1971), Gutium, RlA 3, Berlin.
26. Hilprecht, H. V. ( 1910), The Babylonian Expedition of the University of Pennsylvania , Series D, Researches and Treatises vol. 5/1, Philadelphia.
27. Jacobsen, Th. (1939), The Sumerian King List, Chicago.
28. Sallaberger.w & Ingo Schrakamp (2015), History and Philology. ARCANE III, Brepols, Turnhout
29. Wilhelm, G. (1945), The Hurrians, translated from German by Jennifer Barnes, England.

## پاشکۆ




نەخشەی ژمارە (١) لەشکرکێشیەکەی ئی-ڕیدو-پیز-ییر، بۆ سەر هەرێمی مادگا، ناوچەکانی باکوری خۆرئاوا بەرەو ناوچەکانی هەولێری ئێستا (ahmad, 2012, 156).



وێنەی ژمارە (١)، پەیکەری ئی-ڕیدو-پیز-ییر لە چیای قەرەداغ، کە بە پەیکەری دەربەندی گاور ناسراوە و لەلایەن توێژەرەوە وێنەکە چرکێنراوە

**الملخص**

يتناول هذا البحث الموسوم بـ(سلسلة ملوك الكوتيين وألقابهم في ضوء النصوص المسمارية) تاريخ أسماء ملوك الكوتيين وألقابهم في بداية ظهورهم في مناطق زاغروس الذين كانوا يحكمون شمال ميسوبوتاميا مدة من الزمن كأمم الزاغروسيين القديمة الأخرى. ثم تمكنوا من الإطاحة بالإمبراطورية الأكدية وأن يحكموا أكثر من قرن معظم بلاد ميسوبوتاميا، أي حكموا بلاد اكد وسومر باستثناء مدينة (لكش)، وقد أشارت هذه الدراسة إلى (٢٥) اسما من أسماء الملوك وألقابهم إن وجدت، لأن بعضا من هؤلاء الملوك لم يكنوا يحملون أي لقب من الألقاب، وذلك راجع إلى أننا لا نعلم بأي لغة تكلم بها على الكوتيون، وبأي لقب لقبوا؟ وليس لدينا ارشيف خاص لملوك الكوتيين، أو لم يتم العثور على كتبه الكوتيون، والذي بين أيدينا هو قائمة من الملوك السومريين تم تسجيل أسماءهم فيها، وعلى وفق المصادر المسمارية، فإن ملوك الكوتيين يحملون لقب الملك (LUGAL) أو أي لقب آخر، وهذا هو صلب السؤال، لأن قوة ملوك الكوتيين وسلطتهم وحكمهم تختلف من المناطق التي حكموا فيها، وكذلك فإن التغييرات التي أجرت في السلطة وفقا لسجلاتهم ونصوصهم المسمارية التي تم العثور عليها وإتاحتها حتى الآن.

وقد حاولنا في هذا البحث أن نبين تلك الآراء التي تحول حول أسماء حكام ملوك الكوتيين وألقابهم، وسنوات حكمهم، وخاصة خلال المدة التي حكم فيها معظم بلاد ميسوبوتاميا، ولهذا اعتمد هذا البحث بشكل أساسي على قائمة الملوك السومريين.

الكلمات الدالة : (ألقاب الملوك، ملوك الكوتيين، الكتابة المسمارية، ميسوبوتاميا، السومريين).

## Abstract

## Gutian dynasties and their titles in the light of cuneiform texts

This research which entitled (Gutian dynasties and their titles in the light of cuneiform texts), deals with the history of the name and surname of Gutian kings from the beginning of their appearance in the area of Zagros that they ruled for a period in the north of Mesopotamia just similar to other Zagroatian peoples. Later they were able to overthrow the Akkadian Empire and rule, for more than a century, most areas of Mesopotamia (area of Akkad and Sumer as well as Lagash). The research deals with the names of more than 25 Gutian kings with their surname if they were available because some of these kings were found without any surnames because we don't know what surname have been used in the Gutian language for their kings and till now no list or record have been found for Gutian kings names and surnames that us by the Gutis, what is available is a list of Sumerian royal names that contain the names of Gutian kings. According to Cuneiform sources, Gutian kings had only the surname of king (LUGAL) or even when they didn't have this surname, and this is really doubtful because Gutian kings were very different in their force, power and areas of their governance and the changes were obvious in the areas of their power according to the records of Cuneiform texts that found till now, in this research the researcher tries to shed light on all the thoughts and beliefs concerning the names, surnames and the period of power of Gutian kings especially in the period of their power in most areas of Mesopotamia, the research mainly depends on the list of Sumerian kings.


Key words: Royal titles, Gutians, Cuneiform texts, Mesopotamia, Sumerian.